Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080203

پێکهێنانی هەرێمی نوێ لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا: رێگە و ڕێگریەکان
-توێژینەوەیەکی شیکاریە لەبەر ڕۆشنایی دەستوری کۆماری عێراق بۆ ساڵی 2005-

ئیسماعیل نەجمەدین زەنگنە

بەشی یاسا_کۆلێجی یاسا_زانکۆی جیهان_سلێمانی

Article Info

Received: April, 2021

Accepted :June ,2021

Published :July ,2021

Keywords

هەرێمی کوردستان، دەستوری کۆماری عێراق، هەرێمی نوێ، پارێزگاکان، پارێزگا نەبەستراوەکان بەهەرێمەوە.

Corresponding Author

esmael.najmadin@sulicihan.edu.krd

پوختە

سنوری هەرێمەکان لەوڵاتانی فیدراڵیدا سنورێکی سیاسی و دەستورین بۆیە بەشێك لەدەستوری وڵاتان بەهەستیاری و گرنگیەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو سنورانە کردوە تایبەت بەتوانایی گۆڕانکاریکردن تێیدا و دوبارە کێشانەوەی هێڵە سنوریە ناوخۆییەکان. لەو سۆنگەشەوە ئەو بابەتە جێگەیەکی گرنگی دەستوری ئەو وڵاتانەی گرتوە .

دەستوری کۆماری عێراق ساڵی 2005 پێش ئەویش یاسای ئیدارەی وڵات بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004 بنەمای فیدراڵبونی دەوڵەتی عێراقیان سەلماند و بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ توانایی ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکاریە سنوریانە کردوە. ئەوەی بوبە بابەتی ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بەپنتێکی دیاریکراو ئەویش ئاخۆ لەنێو سنورەکانی هەرێمی کوردستاندا وەك تاکە هەرێمێکی پێکهاتو لەعێراقدا دەتوانرێت هەرێمی نوێ دروستبکرێت؟ ئەو پرسەی توێژەر بەپەیرەوکردنی رێبازی شیکاری بۆ دەق و ماددەکانی دەستور و یاسا پەیوەندارەکان هەوڵی وەڵامدانەوەی داوە و ڕا و بۆچونە جیاوازەکانی ئەو بابەتە جێ مشتومڕەی شەنوکەو کردوە. بۆ ئەو مەبەستەش توێژینەوەکە دابەشکرابو بۆ دو تەوەری سەرەکی: لەیەکەمیاندا باسەکە تەرخانکرابو بۆ دیاریکردنی پێگەی دەستوریی هەرێمی کوردستان. ولەدوەمیاندا شەنوکەوی رێگە و ڕێگریەکانی دروستبونی هەرێمی نوێ کراوە لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا. ولەکۆتایشدا دەرەنجام وراسپاردەکانی توێژینەوەکە خراوەتەڕو.

پێشەکی:

لەچوارچێوەی وڵاتە فیدراڵیەکاندا ئەگەرچی سنوری هەرێمەپێکهێنەر ویێکهاتوەکانی بە سنوری نێودەوڵەتی نامێننەوە بەڵام هێشتا بەسنورێکی سیاسی ناوخۆیی دەمێننەوە ودەنگ و رای دانیشتوانەکانی سەنگی مەحەك دەبن بۆ هەر گۆڕانکاریەك تێیدا، بەواتای ئەوەی ئەو سنورانە نابنە سنورێکی کارگێڕی ودەسەڵاتی کارگێڕی بەخواست و بڕیاری تاکلایەنە گۆڕانکاری تێدا بکات.

هەربۆیە دەبینین پێگەیەکی دیار لەدەستوری وڵاتانی فیدراڵیدا تەرخانکراوە بۆ چۆنێتی گوڕانکاریکردن لەسنوری هەرێمەکانی چ بەدامەزراندنی هەرێمی نوێ بێت یان لێکردنەوەی ناوچە وشاری هەرێمێك و زیادکردنی بۆ هەرێمێکی تر ..لەهەر بارێکیشدا دەنگ ورەزامەندی دانیشتوانی ئەو هەرێمەی کاریگەر دەبن بەو گۆڕانکاریانە و رۆڵی یەکلاکەرەوە وسەنگی قورسی دەبێ بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەو گۆڕانکاریانە.

بەگەڕانەوە بۆ دەستوری عێراقی ساڵی 2005 کەعێراقی بە وڵاتێکی فیدراڵی وێناکردوە جیاواز لەنمونەی وڵاتە فیدراڵیەکانی تر هەرێمەکانی لەچوارچێوەی دەستوردا ناونەهێناوە تەنها هەرێمی کوردستان نەبێ، چونکە لەسەروبەندی نوسینەوەی دەستوردا تەنها هەرێمێك بونی هەبو ئەویش هەرێمی کوردستان بوە، بەڵام خودی دەستورەکە ئەوەی لەبیرنەکردوە رێگەخۆش بکات بۆ پارێزگاکان هەرێمی نوێ دروستبکەن ولەیەکەیەکی کارگێڕییەوە بگوازنەوە بۆ یەکەیەکی حکومڕان ، وبۆ ئەو مەبەستەش یاسای رێکارە جێبەجێکاریەکانی دروستکردنی هەرێم لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە پەسەندکرا وخرایە بواری جێبەجێکردنەوە..

لەهەمو ئەوانەشەوە ئاریشەی سەرەکی توێژینەوەکە سەرەدەردێنێت بەم پرسیارانەوە: ئایا دەستوری عێراق بەناوهێنانی هەرێمی کوردستان وناساندنی بەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی هەرێمدا بوە پێش مێژوی 19ی3ی 2003 دەکرێ وەك سنوری هەرێمێکی چەقبەستو بخوێنرێتەوە؟ و وەك هەڵوێستێکی دەستوری بینرێت بۆ چەسپاندنی یەکێتی خاکی هەرێمی کوردستان، بەجۆرێك رێگریکار بێت لەدابەشکاریی تێیدا لەنمونەی دروستکردنی هەرێمی نوێ لەهەناوی هەرێمی کوردستاندا؟

ئەو پرسیارانەی توێژەر هەوڵدەدات بەپەیرەوکردنی رێبازی زانستی شیکاری بۆ دەق و رێساکانی دەستور ویاسا پەیوەندارەکان وەڵامیان بداتەوە، ئەوەش لەچوارچێوەی دابەشکردنی توێژینەوەکە بۆ دو تەوەری سەرەکی: لەیەکەمیاندا باسەکە تەرخاندەکرێت بۆ دیاریکردنی پێگەی دەستوریی هەرێمی کوردستان. ولەدوەمیاندا شەنوکەوی رێگە و رێگریەکانی دروستبونی هەرێمی نوێ دەکرێت لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا :

تەوەری یەکەم

پێگەی دەستوریی هەرێمی کوردستان لەم تەوەرەدا هەوڵدەدرێت پێگەی هەرێمی کوردستان دیاریبکرێت لەڕوی دەستوریەوە ئەوەش لەچوارچێوەی دوباسدا، لەیەکەمیاندا باس لەپێشینەی مێژویی دروستبونی هەرێمی کوردستان دەکرێت، ولەباسی دوەمدا لێکۆڵینەوە لەپێگەی هەرێمی کوردستان بەگوێرەی دەستوری کۆماری عێراق بۆ ساڵی 2005 دەکرێت:

باسی یەکەم

پێشینەی دروستبونی هەرێمی کوردستان

لەدوای راپەڕینی کۆمەڵگەی کوردی لەعێراق ساڵی 1991 دژ بە رژێمی بەعس وبەتایبەتتر دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی یەکەمین خولی پەرلەمانی کوردستان چەند دامەزراوەیەکی حکومڕانی لەهەرێمدا بونیادنران بەگوێرەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی 1992 ی هەموارکراو ویاسای ئەنجومەنی وەزیران و دواتر یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی ساڵی 2005. لەسایەی ئەو یاسایانە و پاراستنی نێودەوڵەتی قەوارەیەکی یاسایی وتارادەیەك سەربەخۆ و جیاواز وبەدەر لەپێکهاتەی دەستوری دەوڵەتی عێراق دروستبو ، وپەرلەمانی کوردستان بەتێکڕادەنگ لەرۆژی 4ی10ی 1992 بڕاردەی فیدرالیبونی پەسەندکرد وەك بوارێك بۆ گرێدانەوەی و لکاندنەوەی هەرێم بە ناوەندەوە (د.حسن محمد شفیق العانی، اپر الوحده الوگنیه والصراعات السیاسیه التأگیر القانونی لها: 2005، لا214).

ئەو بارودۆخە بەردەوام بوو تاوەکو پرۆسەی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە بۆ روخاندنی حکومەتی ئەوکاتی عێراق و کۆتایهێنان بەحوکمی حیزبی بەعس، لەدوای سەرکەوتنی پرۆسەکە و کۆتایهێنان بەتەمەنی حوکمڕانی بەعسیەکان، ولەوەشەوە کۆتایهێنان بەمەترسی ئەو حکومەتە بۆ سەر کوردەکان تارادەیەکی زۆر بەهانە و پاساوی بونی پارێزبەندی نێودەوڵەتی بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستانی بەتاڵکردەوە. بۆیە تێڕوانین و پرسیارەکان روو لەدیاریکردنی چارەنوسی قەوارەی هەرێم کران ئاخۆ لەچوارچێوەی عێراقدا دەمێنێتەوە یاخود هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵدەگرێ ئەگەرچی پەرلەمانی کوردستان پێشتر پڕاردەی خۆی دیاریکردبو وەك لەپێشدا

باسكرا. بۆيە بەشداريكردنى قەوارەكە وەك هاوپەيمانێكى هێزە هاوپەيمانەكان لەپرۆسەى داگيركردنەكە بەرچاو بو، و لەپرۆژە و تەرحە پێشينەييەكانى سەنگى مانەوەى هەرێمەكەيان لەچوارچێوەى عێراقدا قورستئەكرد بەبەراورد بە جيابونەوە و دروستكردنى دەوڵەتێكى سەربەخۆ. لەوەشەوە وەك هەندێك بۆى دەچن هەرێمى كوردستان گەڕايەوە ژێر سايەى وڵات دواى گۆڕينى شێوەكەى لەوڵاتێكى سادەە وە بۆ وڵاتێكى فيدراڵى.(د.عدنان عاجل عبيد، القانون الدستورى، النظريه العامه والنقام الدستورى فى العراق، 2013 ، لا266 .)

ئەمە لەكاتێكدا خودى قەوارەكە پێش پرۆسەى داگيركردنەكەش وبەديارىكراويى لەدواى ساڵى 1994 هوە بۆ چەند ساڵێك بەكردەيى دو زۆنى حكومڕانى تێدا دروستبون، واتە هەرێم لەيەك ئيدارەوە بو بە دو ئيدارە، ئەو باردۆخەى درێژەى هەبو تا ڕێككەوتنەوەى هەردو دەسەڵات بەدەستى ئيدارەكان بۆ دوبارە گرێدانەوەى لەسەروبەندى دەستپێكردنى پرۆسەى داگيركردنى عێراق (ئەوەى ناوبرا بەپرۆسەى ئازادى عێراق) لەساڵى 2003 . هەنگاو بەهەنگاو ئيدارەكان لێكدرانەوە و تاڕادەيەك قەوارەيەكى يەكگرتوو پێكهێنرايەوە.

هەرچى پەيوەستە بەچەمكى يەكێتى خاكى هەرێمەوە ئەوا لەسەروبەندى نوسينەوەى دەستور ورێسايەك بۆ عێراق دواى 2003، هەرێمى كوردستان تاكە قەوارەيەكى ڕێكخراو بو (ئەگەرچى تازە لەپەرتەوازەيى دو ئيدارەيى سەرى دەرهێنابو) داواكارى بەفيدراليبونى عێراق پێشكەشكرد ئەو داواكاريە ماوەكەى زادەى ئەو قۆناغە نەبو بەڵكو پێشتريش ئەو داواكاريە لەكۆنگرە وكۆنفرانسەكانى ئوپۆزسيۆنى عێراقيدا تەرحكرابو .. لەوەوە بەدەرچواندنى ياساى ئيدارەى وڵات بۆ قۆناغى گواستنەوەساڵى 2004 هەرێمى كوردستان وەك تاكە هەرێمێكى ئەو دەوڵەتە فيدراليە ناسێنرا و بەووەشەوە نەوەستا بەڵكو سنورى ئەو هەرێمەش وێناكرا، واتە خاكى هەرێمى كوردستان پێناسەكرا سەربارى جێكردنەوەى ماددەى 58 بۆ چارەسەر كردنى چارەنوسى ئەو شار وناوچانەى ناونران بەناوچەى كێشەلەسەر (ماددەكانى (53/أ وب) لەياساى ئيدارەى دەوڵەت بۆ قۆناغى گواستنەوەساڵى 2003). ئەو بارودۆخەى هەندێك واى بۆدەچن كە خاكى هەرێمى كوردستان بەديارىكراوى وێنا نەكراوە وەك دەسەڵات و گەلەكەى چونكە 3/1 ى خاكەكەى بەهەڵواسراوى ماوەتەوە. (د.ريبين محمد صوفى ، الوسائل الدستوريه لحل المنازعات الحدوديه الداخليه فى الدوله الفدراليه، 2017 ، لا14 .)

دواتر ئەو ڕێكخستن وچارەسەرە دەستوريە گوازرايەوە بۆ ناو دەستورى كۆمارى عێراق ساڵى 2005، واتە هەرێمى كوردستان بوبە هەرێمێكى دەستوريى ولەچوارچێوەى دەستورەكەشدا دانپێدانرا بەوەى تاكە هەرێمێكە لەچوارچێوەى دەوڵەتى عێراقدا .

لەگەڵ ئەوەشدا دەستورەكە ئەو بارە نائاساييەى لەبير نەكرد كەنابێ دەوڵەتى فيدراڵى تەنها لەيەك هەرێم پێكبێت، بۆيە ڕێگەى خۆشكرد بۆ ئەوەى لەداهاتودا هەرێمى نوێ دروستببێت لەڕێگەى داواكارى ئەنجومەنى پارێزگاوە يان لەڕێگەى ڕێژەيەكى ديارىكراوى دانيشتوانى هەر پارێزگايەكەوە ولەدوا وێستگەشدا بەووەرگرتنى ڕەزامەندى زۆرينەى دانيشتوانى پارێزگاكە يان پارێزگاكانەوە لەڕاپرسيەكدا يەكلادەكرێتەوە .

لەوانەى پێشەوە دەردەكەوێت هەرێمى كوردستان لەقەوارەيەكى ديفاكتۆ لەسايەى پارێزبەندى نێودەوڵەتيەوە گواستيەوە بۆ قەوارەيەكى دەستوريى لەچوارچێوەى دەوڵەتى فيدرالى عێراق چنراو بەپێى دەستورى ساڵى 2005.

باسى دووەم

پێگەى هەرێمى كوردستان لەدستورى كۆمارى عێراق بۆ ساڵى 2005 بەگەڕانەوە بۆ مادده و برگەكانى دەستورى كۆمارى عێراق بۆ ساڵى 2005 ڕوندەبێتەوە كەعێراق پێناسەكراوە بە وڵاتێكى فيدراڵى بەتايبەت لەدەستپێكى ناسينەكەدا بەمجۆرە لەمادەى (1)يدا هاتوە (كۆمارى عێراق دەوڵەتێكى ئيتحادى يەك و سەربەخۆيە..) ، بەڵام ئەم ڕێكخستنە دەستوريە جيا لە زۆرينەى وڵاتانى ترى فيدراڵى لەجيهاندا هەرێمێكى فيدرالى تێدايە وەك هەرێمێكى دەستورى ناوهاتوو لەبرگە و ماددەكانى دەستوردا، هەرچى ناوچەكانى ترى عێراقە كە زۆرينە پێكدێنن لەڕوى ڕوبەر و دانيشتوانيشەوە ئەوا لەشێوەى پارێزگاى نەبەستراو بەهەرێمەوە و لەچوارچێوەى ڕێكخستنێكى كارگێڕى نامەركەزى سەر بە حكومەتى ناوەنديى ماونەتەوە. بەواتاى ئەوەى حكومەتى بەغدا جارێك وەك حكومەتێكى فيدراڵى وێنا كراوە بەرانبەر قەوارەى هەرێمى كوردستان، وجارێك وەك حكومەتى ناوەنديى مامەڵەى لەگەڵ كراوە بەرانبەر پارێزگا نەبەستراوەكان بەهەرێمەوە .ئەوەش بەڕونى لەچوارچێوەى دەستورەكەدا دەبينرێت كاتێك ياسادانەرى دەستورى هەوڵ دەدات بەسەر ئەو خاڵە لاوازەدا سەركەوێت ئەو كاتەى لەهەندێك باردا پارێزگا نەبەستراوەكان بەهەرێمەوە وەك يەكەيەكى دەستوريى مامەڵە دەكات واتە تايبەتمەنديە دەستوريەكانى ئەو پارێزگايانەى لەسەر بنەماى دو سيستێم داڕێژا ئەوانيش فيدراڵى و ناناوەنديى كارگێڕين(عبدالفتاح عبدالرزاق محمود و سۆران على حسن، اللاتماپل بين الوحدات المكونه للدوله الفدراليه وتأپيره على النموذج

الفدرالى العراق، لا111) ، بەڵام ئەم هەڵوێستەی نەبوە هۆی پەسن و پیاهەڵدان بەڵكو ڕەخنەی فراوانی بیریاران و یاساناسانی بەدوای خوێدا هێنا.(گاهر محمد الجنابی، اللامركزیه الاداریه الاقلیمیه سلاح ژو حدین، 2017، لا71) بەجۆرێك هەندێك بەكارێكی نادروست و ناڵۆژیكی دایدەنێن لەڕوی سەرەوەریتی لەسیستێمی فیدرالی چونكە دەستە خۆجێیە ناناوەندیەكان تەنها لە ناناوەندێتی كارگێڕی بەهرەمەند دەبن. (شورش حسن عمر، حقوق الشعب الكوردی فی الدساتیر العراقیه، 2005، لا384).

بەهەرحاڵ هەرێمی كوردستان وەك تاكە هەرێمێكی فیدرالی لەعێراقدا ناسێنرا لەچوارچێوەی یاسای كارگێڕی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە و دواتر لەچوارچێوەی دەستوری كۆماری عێراق ساڵی 2005 ئەو ناساندنە بەتەواویی جێگیركرا. لەوەشەوە دوای دانان و جێگیركردنەكە بەهەرێمدا گرنگە هەوڵی دیاریكردنی پێگە دەستوریەكەی هەرێم بدرێت و لەم چەند خاڵەدا بخرێتەڕو:

یەكەم: ناساندنی هەرێمی كوردستان:

وەك لەپێشدا باسكرا هەرێمی كوردستان هەرێمێكی فیدرالیە بەدانپێدانانی دەستوری كۆماری عێراق بۆ ساڵی 2005 لەپێش ئەویشدا لەیاسای ئیدارەدانی وڵات بۆ قۆناغی گواستنەوەساڵی 2004، ئەگەرچی ئەو ناسینە لەناوەڕۆكدا لەشێوەی كاشف بوو نەوەك دامەزرێنەر چونكە خودی قەوارەی هەرێمەكە لەسەر زەوی بونی هەبوو. و وەك هەندێك بۆی دەچن هەردوو دیكۆمێنتەكە داندەنێن بەوەی هەرێمی كوردستان بونی هەبوە، بەڵام ئەوەی كەزیادی دەكەن بریتیە لەپێدانی سیفەتی ڕەوایەتی دەستوری بەقەوارەی هەرێم بەلێكەوتەیەكی گەڕاوە بۆ رابردوو واتە داندەنێن بەدامەزراوەكانی هەرێم و سیستێمە یاساییەكەی لەو كاتەوەی دروستبوە نەوەك لەوكاتەوەی لەسیستێمە نوێیەكە جێگیردەكرێت بەئاوارتەی ئەو یاسا وبڕیارانەی پێچەوانەی تایبەتمەندیە دابڕەكانی حكومەتی فیدراڵین. (د.منژر الشاوی، فلسفه الدوله، 2011، لا118).

ئەوەتا لەماددەی 117ی دەستوری كۆماری عێراق بۆ ساڵی 2005 بەڕونی هاتوە " ئەم دەستورە داندەنێت، لەكاتی كەوتنەبواری جێبەجێكردنیەوە، بەهەرێمی كوردستان و دەسەڵاتەكانی وەك هەرێمێكی فیدراڵی". ولەماددەی 120یدا رێگەدراوە بەهەرێمەكان دەستوری خۆیان هەبێت، بۆ رێكخستنی دەسەڵاتەكانی هەرێمەكە، وتایبەتمەندیەكانی،و رێكارەكانی جێبەجێكردنی ئەو تایبەتمەندیانە بەشێوەیەك دژكار نەبێ لەگەڵ ئەم دەستورەدا". لەوانەشەوە دەردەكەوێت هەرێمی كوردستان خاوەنی كەسێتی یاسایی ناوخۆییە وەك هەرێمێكی فیدرالی لەچوارچێوەی وڵاتی عێراقدا.(د.احمد ابراهیم الورتی، النقام الفدرالی بین النقریه والتگبیق، 2013، لا297).

لەبەر ڕۆشنایی ئەوانەی باسكران دەكرێ هەرێمی كوردستان بناسێنرێ بەوەی " هەرێمێكی دانپێدانراوە وەك یەكەیەكی دەستوریی فیدرالی دەتوانێت دەستوری تایبەت بەخۆی هەبێت بۆ ڕێكخستنی دەسەڵات و تایبەتمەندیەكانی لەچوارچێوەی دەستوری فیدرالی عێراقدا."

دوەم: سنوری هەرێمی كوردستان :

یەكێك لەو خەسڵەتانەی هەرێمی فیدراڵی جیادەكاتەوە بەهرەمەندبونی هەرێمەكەیە بەپیادەكردنی بەشێكی سەروەری ناوخۆیی، زانراویشە پیادەكردنی سەروەری پێویستی بەهەرێمێكی سنور دیاریكراو هەیە بەجۆرێك دەسەڵات وسەروەری فەرمانڕەوایی هەرێمەكە لەچوارچێوەی ئەو سنورەدا بەرجەستە دەبێت. (د.اسماعیل نجم الدین زنگنە ، حدود الاقالیم فی الدوله الفدرالیه: الاگر والمعالجات الدستوریه، 2019، لا81). وەك هەندێك بۆی دەچن تاوەكو سنوری هەرێمەكان لەچوارچێوەی وڵاتی فیدرالیدا بەڕونی و دیاریكراوی دیاریكرابێت ئەوا رێگر و ئاستەنگ دەبێت لەپێش دروستبونی تەنگژە و كێشەی ئاڵۆز تارادەی سەركێشان بۆ ململانێی چەكداری،بەپێچەوانەشەوە سنوری نارون و نادیاریكراو بەشێوەیەكی كۆتایی دەبێتە كەرەستەیەكی ململانێی توند لەنێو هەرێمەكانی وڵاتەكەدا.(امجد علی ، النقام الفدرالی كحل للنزاعات فی المجتمعات التعددیه، 2012، لا 125.)

و دیاریكردنی سنوریش لەنێو هەرێمەكاندا دەكرێت لەئەنجامی بارودۆخێكی نائاسایی بێت وەك ماوەكانی شەڕی ناوخۆیی ، یان حوكمی سەربازی،.. یاخود بەرئەنجامی بارودۆخێكی ئاسایی دەبێت بەڕەزامەندی هەرێمەكان و لەڕێگەی ڕاپرسیەوە كەحكومەتە فیدرالیەكە پێهەڵدەسێت . هەروەك ئەو سنورانە گەر وڵاتە فیدرالیەكە لەڕێگەی چونەناوەوە دروست بوبێت بریتی دەبێت لەو سنورە نێودەوڵەتیەی پێشتر هەرێمەكە خاوەنی بوە، بەڵام گەر دروستبونی وڵاتە فیدرالیەكە لەڕێگەی هەڵوەشانەوە وە بێت ئەوا دیاریكردنی سنوری هەرێمەكان لەڕێگەی پشتبەستن بەسنوری مێژوی یان كارگێڕی یەكە كارگێڕی و سیاسیەكانەوە دەبێت. (ماجده صنعان اسماعیل، التوازن بین السلگات فی الدوله الفدرالیه، 2009، لا30)

هەرچی پەیوەستە بەهەرێمی كوردستان وەك هەرێمێكی فیدراڵی لەچوارچێوەی وڵاتی عێراقدا بەهرەمەندە لەبەشێكی

سەروەری ناوخۆیی و دەتوانێ بۆ ڕێکخستنی پیادەکردنی دەستور و سیستێمی یاسایی و دەزگا و دامەزراوەی تایبەت بەخۆی هەبێ، بەڵگەنەویستە بەوەی دەبێت سنورێکی دیاریکراویشی هەبێت تاوەکو بتوانێت بەشە سەروەری خۆی تێدا پیادە بکات.

و شیاوی ئاماژە بۆکردنە دیاریکردنی سنوری هەرێمی کوردستان یان دیارینەکردنی یەکێك بوە لەو خاڵە جێ گفتوگۆ و جێناکۆکانەی لەسەروبەندی نوسینەوەی دەستوری کۆماری عێراق ساڵی 2005 وپێشتر لەیاسای ئیدارەی وڵات بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004 لەنێوان ئەندامانی لیژنەکانی ئامادەکردن و نوسینەوەی دەق و بڕگەکانیاندا. (د.منژر الفچل ، مشكلات الدستور العراق، 2010، لا97 . (

بەگەڕانەوە بۆ ڕێکخستنی باری دەستوریی هەرێمی کوردستان لەهەردوو دیکۆمێنتی پەیوەندار یاسای ئیدارەی وڵات بۆ قۆناغی گواستنەوە بۆ ساڵی 2004 و دەستوری کۆماری عێراق بۆ ساڵی 2005 هەڵوێستی هەردوکیان لەمەڕ دیاریکردنی سنوری هەرێمی کوردستان دەتوانرێت چڕبکرێتەوە لەدو خاڵدا :

-1سەبارەت بەسنوری هەرێم لەیاساى ئیدارەى وڵات بۆ قۆناغی گواستنەوە [illegible] و لەچوارچێوەی دەقە سلێمانی و کەرکوك و دیالە و نەینەوا."

لەو دەقەوە ئەکرێت ئەوە بخوێنرێتەوە؛ سنوری هەرێمی کوردستان دیاریکراوە بەسنورێکی کارگێڕی و پێکدێت لەسنوری کارگێڕی پارێزگاکانی(دهۆك ، هەولێر، سلێمانی، کەرکوك ، دیالە، ونەینەوا)، بەڵام لەبنەڕەتدا یاسادانەر مەبەستی کێشانی سنورێکی سیاسیە لەسەر نەخشەیەکی کارگێڕی بۆ ئەو ناوچانەی دەکەونە چوارچێوەی هەرێمی کوردستانەوە.

سەرباری ئەوەش یاسادانەر ئەو سنورەی بەستۆتەوە بەشوێنکاتەوە (واتە دەکرێت بوترێت سنورێکی کۆتایی نیە) کاتێك زاراوەی (زەویەکان) بەکاردەهێنێ ومەبەست لێی سنوری هەرێمی کوردستان هەموو سنورە کارگێڕیەکانی ئەو پارێزگایانە ناگرێتەوە بەڵکو ئەو زەویانە دەگرێتەوە لەو پارێزگایانە کەپێشتر بەدەستی حکومەتی هەرێمەوە بوە، ئەوەشی پەیوەستە بەکاتەوە ئەوا یاسادانەر بەڕونی سنورەکەی بەمێژویەك دیاریکردوە و دوای ئەو مێژوە هەر زەویەکی تر زیاد بوبێت بۆ هەرێم ناکەوێتە ناو سنوری هەرێمەوە، بەڵکو مامەڵەیەکی تری لەگەڵ دەکرێت ئەوەی پێیدەوترێت " زەویە کێشە لەسەرەکان" .(ماددەی 58/ 4/ج لەیاسای ئیدارەی وڵات بۆقۆناغی گواستنەوەساڵی 2004) . ئەو ناوچانەش لەژێر سایەی حکومەتی ئیتحادی دەمێننەوە تاوەکو یەکلایەکرێنەوە

کەدەچنە سەر هەرێمی کوردستان یان چارەو چارەنوسێکی تریان دەبێت . (د.خلیل ئیسماعیل محمد، ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەنێوان ڕاستیی مێژویی و هەڵکەوتەی جوگرافیاییدا، 2021، لا 45) .

لەبەرانبەر ئەوەشدا ڕاوبۆچون هەیە وای بۆ دەچێت دۆسیەی ئەوناوچانە یان دوسێی سنوری ناوخۆیی هەڵنەدرێتەوە تاوەکو حکومەتی ئیتحادی دەتوانێت بەسەر ئاڵنگاریەکانیدا سەرکەوێت یان هەر هەڵنەدرێتەوە بەشێوەیەکی کۆتایی بەتایبەت گەر لەدەستوردا چەسپێنرا کە سامانە سروشتیەکان موڵکی تەواوی گەلی عێراقە (د.رچا عبدالجبار الشمری و ايادعابد الديری، امکانيه تگبيق النظام الفدرالی فی العراق ، لا144) دیارە ئەم تێڕوانینە ڕەتکراوەیە چونکە داواکاری و تێکۆشانی مێژویی کوردی بۆ گێڕانەوەی کەرکوك و ناوچە کێشە لەسەرەکانی تر وێنا کردوە بەتەنها لەپێناو سودمەندبون ودەستبەسەراگرتنی نەوت و سامانە سروشتیەکانی ئەو شار وناوچانە .

-2سەبارەت بەسنوری هەرێم لەدەستوری کۆماری عێراق بۆ ساڵی 2005:

دەستوری بەهەمان شێوەی یاسای ئیدارەی وڵات داندەنێت بەهەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی. (ماددەی 117/یەکەم لەدەستوری کۆماری عێراق ساڵی 2005) بەڵام ئەوەی جیاوازە لەهەڵوێستی دەستور لەهەڵوێستی یاساکە ئەوەیە بەڕونی وێنای سنوری هەرێمی کوردستانی نەکێشاوە لەچوارچێوەی ئەو برگەیەی دان بەهەرێمدا دەنێت.ئەمەش ڕەنگە وابخوێنرێتەوە بەوەی سنوری هەرێمی کوردستان لەدەستورەکە دیارینەکراوە ئەوکات کێشەیەکی گەورەی دەستوری ڕوبەڕوی هەرێم دەبویەوە لەمەڕ پیادەکردنی ئەو بەشە سەروەریە ناوخۆییەی دەستور دانیپێداناوە .

بەڵام بەخوێندنەوەی ماددەکانی دەستور وەك یەکەیەکی تەواوکار بۆمان ڕوندەبێتەوە یاسادانەری دەستوری هێشتا سنوری هەرێمی کوردستانی بەو زەویانە هێشتۆتەوە کە لەیاسای ئیدارەی وڵاتدا هاتبوو ولەپێشدا باسکران ئەوەش بەگەڕانەوە بۆ ماددەی 143ی دەستورەکە کاتێك دەڵێت " یاسای کارگێڕی وڵات بۆ قۆناغی گواستنەوە و هاوپێچەکانی هەڵدەوشێنەوە لەکاتی پێکهێنانی حکومەتی نوێدا، بەئاوارتەی ئەوەی لەبرگەی (أ) لەماددەی 53 و ماددەی 58یدا هاتوە". ئاشکراشە ماددەی 53(أ) ئەو دەقەی یاساکەیە کە سنوری هەرێمی کوردستانی دیاریکردوە.

کەواتە سنوری هەرێمی کوردستان بەگوێرەی دەستوری کۆماری عێراق بۆ ساڵی 2005 بریتیە لەهەمو ئەو زەویيانەی بەدەست حکومەتی هەرێمەوە بوە پێش مێژوی 19/ ئازاری / 2003، ئەو زەوییانەش بەدیاریکراوی دەکەونە سنوری کارگێڕی ئەو پارێزگایانەوە کە لەدەقە یاساییەکەدا ناویان هاتوە.

ئەوەی شیاوە باسبکرێت لێرەدا ئەوەیە سنوری هەرێمی کوردستان سنورێکی کۆتایی و چەقبەستوو نیە بەڵکو سنورێکە دەکرێت گۆڕانکاری تێدا بکرێت بەتایبەت بەزیادکردنی ئەو زەویيانەی ناودەبرێن بە کێشەلەسەر (یان ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم) دوای پیادەکردنی ڕێکارە دەستوری و یاساییە کێشراوەکان و بەڕەزامەندی دانیشتوانی ئەو ناوچانە (ماددەی 140 لەدەستوری کۆماری عێراق ساڵی 2005 و ماددەی 53 /أ لەیاسای ئیدارەی وڵات بۆ قۆناغىگواستنەوەساڵی 2004). لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك وای دەخوێننەوە کە ئەو پیودانگەی دیاریکراوە بۆ دیاریکردنی سنوری هەرێمی کوردستان پیودانگێکی نادادپەروەرە چونکە پشتی بەهەمان ئەو هێڵانە بەستوە کەحکومەتی پێشو(بەعس) کێشابوی دوای کشانەوەی لەشار وناوچەکانی هەرێمی کوردستان لەساڵی 1991. (شورش حسن عمر، سەرچاوەی پێشو، لا407).

تەوەری دوەم

لەتواندابونی دروستکردنی هەرێمی نوێ لەلایەن پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانەوە

یەکێك لەو بابەتانەی لەسیستێمە فیدراڵیەکان زۆرجار بەهەستیاریەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە ئەنجامدانی گۆڕانکاری و هەموارکاریە لەسنوری هەرێمەکانیدا، بەتایبەت قورس دەبێت سنوری یەکە فیدرالیەکان بچوکبکرێتەوە دوای جێگیرکردن و کێشانی لەڕوی دەستوریەوە. بەڵام لەبەرانبەردا کێشانی هەرێمی نوێ بۆ ناو فیدرالیەکە و زیادکردنی روبەری یەکە فیدراڵیەکان کەمتر ئەو هەستیاریە و قورسیەی دێتە پێش.(جورج اندرسون ، مقدمە عن الفدرالیە،2007 ، لا 17).

ئەگەرچی ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکاریانەش لەڕوی ڕێگەپێدان و ڕێگری لێکردنیەوە جیاوازە لەوڵاتێکی فیدرالی بۆ وڵاتێکی تر، هەندێك ڕێگەی داوە هەرێم و ناوچەی تر بگوازرێتەوە ناو فیدرالیەکەوە وەك دەستوری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و میرنشینە عەرەبیە یەکگرتوەکان ، کەچی هەندێکی تر ئەو گۆڕانکاریانەی لەسنوری یەکە ناوخۆییە فیدراڵیەکان و ناوچەکانیان ڕێگە پێداوە وەك نمونەی هەردو وڵاتی هیندستان(بەشی یەکەم :3 لەدەستوری هیندستان ساڵی 1949) و نایجیریا. (رونالد ل.واتس، الانفمە الفدرالیە، 2006، لا131).

هەرچی پەیوەستە بەعێراقەوە ئەوا دەستورەکە لەماددەی 119یدا ڕێگەی خۆشکردوە بۆ دروستکردنی هەرێمی نوێ و ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەسنوری پارێزگاکاندا، بەڵام دید و تێڕوانین سەبارەت بەتوانایی دروستکردنی هەرێمی نوێ لەچوارچێوەی هەرێمە پێکهاتوەکاندا بەتایبەت لەهەرێمی کوردستاندا جیاوازن ئەوەش بەهۆی خوێندنەوەی جیاواز سەبارەت بەڕێکخستنی دەستوری پێگەی هەرێمی کوردستان وڕێکخستن وباری دەستوری دروستکردنی هەرێمی نوێ لەلایەن پارێزگاکانەوە، بۆیە لەم تەوەرەدا هەوڵئەدرێت باس لە را و ڕاڤەکانی دەقە دەستوری یاساییەکان بکرێت سەبارەت بەتوانایی دروستکردنی هەرێمی نوێ لەلایەن پارێزگاکانی هەرێمەوە، وئاماژە بەڕێگریەکانی ئەو هەنگاوەش بکرێت.ئەوەش لەچوارچێوەی دو باسدا، بەمجۆرەی لای خوارەوە:

باسی یەکەم

ڕێگەی دروستکردنی هەرێمی نوێ لەهەرێمی کوردستاندا

یاسای ئیدارەی وڵات بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004 ی هەڵوەشاوە بەڕونی هەڵوێستی خۆی لەسەر دروستکردنی هەرێم لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا جێگیر کردوە کاتێك دەڵێت " ژمارەیەك لەپارێزگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کەزیاتر نەبن لەسێ پارێزگا، جگە لەبەغداد و کەرکوك مافیان هەیە هەرێم لەنێو خۆیاندا پێکبێنن، وحکومەتی کاتیی ئەتوانێت ڕێکارەکانی دروستکردنی ئەو هەرێمانە پێشنیاز بکات، بەو مەرجەی بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ بینینی و پەسەندکردنی"(ماددەی 53 /ج لەیاسای ئیدارەی ولأات بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004) .لەمەشەوە دەردەکەوێت یاساکە ڕاستەوخۆ ڕێگری کردوە لەدروستکردنی هەرێم لەلایەن پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانەوە بەهەر شێواز و ڕێگەیەك بێت.

سەبارەت بە ماددەی 119ی دەستوری کۆماری عێراق بۆ ساڵی 2005 و یاسای ڕێکارە جێبەجێکاریەکانی دروستکردنی هەرێمەکان لەعێراقدا ڕێگەکانی دروستکردنی هەرێمیان دیاریکردوە بەدو ڕێگە و ڕێکار یەکەمیان داواکاریەك لەلایەن سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاوە یان داواکاری دەیەکی دەنگدەرانی هەر پارێزگایەك، لەگەڵ ئەمانەشدا یاساکە ڕێگەیەکی تری گۆڕانکاری کردۆتەوە بۆ داواکاری پارێزگایەك بۆ چونەسەر هەرێمێکی پێکهاتوو .

بەخوێندنەوەی مادە دەستوری و یاساییەکانی پەیوەندار بەدروستکردنی هەرێم لەعێراقدا دەکرێت خەسڵەت و ڕوخسارە دیارەکانی ئەو پرۆسەیە دەستنیشان بکەین وەك دەروازەیەك بۆ باسکردنی بابەتەکە ، ئەوانیش بریتین لە:

-1سنوری پارێزگا و هەرێمەکان لەعێراقدا سنورێکی دەستوری نیمچەچەقبەستون بەو پێیەی یاسا و دەستوریش ڕێکاری دەستوریی ویاسایی ئاڵۆزیان بۆ گۆڕانکاری تێیدا داناوە، یان لەیاساکە بەڕونی ڕێگری لەدروستکردنی هەرێم لەچەند پارێزگا و شارێك کرد بو و دەستورەکەش ڕێگری لەپارێزگای بەغدا کردوە لە دروستکردنی هەرێم. بەڵام سەرەڕای ئەوە دەبینین ڕێگریەکە کۆتایی نیە بەڵکو دەکرێت ئەو گۆڕانکاریە ڕوبدات چ لەڕێگەی دروستکردنی هەرێمی نوێ یان لەڕێگەی جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستورەوە.

-2بکەر لەهەر گۆڕانکاریەك بەرەو دروستکردنی هەرێمی نوێ پارێزگاکانن واتە هەر پێگەیەکی تری کارگێڕی لەخوار یەکەی کارگێڕی پارێزگاوە ڕێگەپێدراوە نیە هەنگاو بنێ بەرەو دروستکردنی هەرێم، لەوەش زیاتر ئەو پارێزگا یان پارێزگایانەی هەنگاو هەڵدەگرن بەئامانجی دروستکردنی هەرێمی نوێ ئەوا دەبێت بەتەواوی سنورە کارگێڕیەکیەوە یان کارگێڕیەکانیانەوە بێت و هیچ شارو شارۆچکەیەك ناتوانن بچنە ناو ئەو پرۆسەیەوە لەکاتێکدا لەسنوری ئەو پارێزگایانە نەبن. هەروەك ڕێگەپێدراو نیە پێگەیەکی بەرزتر لەپارێزگا بۆ نمونە هەرێمەکان هەنگاو هەڵگرن بەرەو دروستکردنی هەرێمی نوێ بەیەککگرتن لەگەڵ هەرێمێکی تر. ئەوەش بەپشتبەستن بەدەقە دەستوری وياساييەکانی پەیوەندار بەپێکهێنانی هەرێمی نوێ لەچوارچێوەی عێراقدا، ئەوەتا ماددەی 119 بەڕونی دەڵێت " پارێزگایەك یان زیاتر مافی هەیە هەرێم پێکهێنێت.." بەهیچ جۆرێك باسی لەهەرێم نەکردوە ڕاستەوخۆ ئەو مافە هەبێت مەگەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی پارێزگاکانیەوە. بەهەمان شێوە یاسای ڕێکارە جێبەجێکاریەکانی پێکهێنانی هەرێمەکان جەختی لەو بابەتە کردۆتەوە. ئەم کارەش بەڕای توێژەر ڕەخنەلێگیراوە چونکە هەرێمەکان لەوڵاتە فیدراڵیەکان ڕۆڵ و ڕاییان بەرچاوەدەگیرێ لەهەر گۆڕانکاریەك لەسنورەکەیان ئەنجامبدرێت .

-3لەگۆڕانکاری سنوری هەرێم و پارێزگاکاندا چەندین گۆڕانکاری باسنەکراون لە کاتێکدا [illegible] گۆڕانکاریانەیان جێکردۆتەوە لە نا ترەوە) . (سۆران علی حسن، التنظيم القانونی للوحدات الفدراليه فی العراق، 2017، لا 179-181. (

لەنمونەی دیاری ئەو وڵاتانەش وڵاتی ئەڵمانیا و هیندستانە، سەبارەت بەیەکەمیان لەماددەی 49ی یاسای بنەڕەتی ئەڵمانیا ساڵی 1949 ئامراز و ڕێکارە جیاوازەکانی پێکهێنانی هەرێمی نوێی جێکردۆتەوە لەڕێگەی ئەو پرۆسەیەی ناوی لێناوە بە دوبارە کێشانەوەی سنورەکان، بەتایبەت لەبڕگەی 7ی ماددەی ئاماژەبۆکراوی سەرەوەدا هاتوە کە ویلایەتەکان ئەتوانرێت گۆڕانکاری لەزەویەکانیان بکرێت بەپێی ڕێککەوتنی مۆرکراو لەنێوان ویلایەتە پەیوەندارەکان، یان بەیاسایەکی فیدرالی بۆ ئەو ناوچانەی ژمارەی دانیشتوانەکەی 50000 پەنجار هەزار تێپەڕ ناکات.. . هەرچی دووەمیانە ئەوا دەستوری هیندستان ڕاشکاوانە تر ئەو گۆڕانکاریانەی جێکردۆتەوە لەماددەی 3یدا کاتێك دەڵێت " دەکرێت پەرلەمان بەپێی قانون ئەمانە ئەنجامبدات: (أ- پێکهێنانی ویلایەتێکی نوێ لەڕێگەی دابڕینی زەوی هەر ویلایەتێك ، یان یەکگرتنی دو ویلایەت یان زیاتر یان چەند بەشێك لەویلایەتەکان یان لەڕێگەی یەککگرتنی هەر زەوییەك لەگەڵ بەشێك لەهەر ویلایەتێك. ب- کەمکردنەوەی سنوری هەر ویلایەتێك ، ج- هەموارکردنی سنوری هەر ویلایەتێك ، د- گۆڕینی ناوی هەر ویلایەتێك . (..

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك وای بۆ دەچن باسنەکردنی ئەو گۆڕانکاریانە لەدەستوردا بەمانای ڕێگریکردن نایەت لێیان، چونکە دەقی دەستوری واناسراوە کەدەقێکی کورت و پوختە و ناچێتە وردەکاریەوە هەر بەپێی ئەم پاساوە خاوەنی ئەم ڕایە پێی وایە داواکاری پارێزگایەك بۆ چونە پاڵ هەرێمێکی پێکهاتو نادەستوری نیە ئەگەرچی لەدەستوریش باسنەکراوە. (د.شۆرش حسن، وەرگیراوە لە د.ڕێبین محمد صۆفی ، الوسائل الدستوريه لحل المنازعات الحدوديه الداخليه فی الدوله العراقيه ، 2017، لا262 . (

لەو خەسڵەتە سەرەکیانەی پێشتر ئاماژەیان بۆ کرا ڕوندەبێتەوە پێکهێنانی هەرێمی نوێ لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا وەك هەرێمێکی پێکهاتوو لەهەر ئەگەر وگریمانەیەکیدا بۆ پێکهاتە و شێوەی هەرێمە نوێیەکە بەڕونی لەدەستوردا باسنەکراوە و چارەسەرێکی دەستوری بۆ دانەنراوە هەر بۆیە توێژەرێك وای بۆ دەچێ مانای ئەوەیە هەردو ئەگەرەکە دەکرێت چاوەڕوانکراوبن بەجۆرێك دەتوانرێت وەڵامی پرسی دروستکردنی هەرێمی نوێ لەلایەن پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانەوە بەئەرێنی و نەرێنی بدرێتەوە [illegible] وەڵامەکە بسەلمێنرێ.(سۆران علی حسن، سەرچاوەی پێشو، لا180) لەم بۆچونەوە ئەکرێت ئەوە بخوێنینەوە کەدو ڕاڤەکردن هەیە لەسەر دەستوریێتی دروستکردنی هەرێمی نوێ لەلایەن پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانەوە، ئەوانیش تێڕوانینی ڕەتکەرەوە و تێڕوانینی ڕێگەپێدەر، بۆیە لەم بەشەی باسەکەدا

هەوڵ دەدەین لەهەردوو تێڕوانینەکە بکۆڵینەوە لەچوارچێوەی دوخاڵدا :

یەکەم: ڕەتکردنەوەی بیرۆکەکە: ئەم ڕاڤەیە زۆرتر پشت دەبەستێت بەچەند پاساوێك، دیارترینیان بریتیە لە:

-1نەبونی دەقێکی دەستوری ڕون بۆ ڕێگەپێدان بەپارێزگا ڕێکخراوەکان لەچوارچێوەی هەرێمێکدا بۆ هەنگاونانی بۆ دروستکردنی هەرێمی نوێ بەتەنها یان بەهاوبەشی لەگەڵ پارێزگاکانی تردا چ ڕێکخراوبن لەهەرێمدا یان نارێکخراو بن لەهەرێمێکدا. لەوەش زیاتر یاسای ڕێکاریە جێبەجێکاریەکانی دروستکردنی هەرێمەکانیش بەهیچ جۆرێك ئەو بابەتەی ڕێکنەخستوە.

-2دەستوری عێراق سنوری هەرێمی کوردستانی دیاریکردوە وەك

لەپێشدا باسکرا بەو پێیەش هەر گۆڕانکاریەك لەو سنورە بەدروستکردنی هەرێمی نوێ هەنگاوێکی نادەستوری دەبێت. لەوەشەوە هەر گۆڕانکاریەك لەو سنورە پێویست بەهەمواری دەستورەکە دەکات.(د.لەتیف شێخ مستەفا، چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ پێگەی کەرکوکناو، https://kirkuknow.com/ar/news/63526 2020) . لەو تێڕوانینەشەوە هەندێك وای بۆ دەچن شێوازی دەستوریی هەرێمەکان لەعێراقدا دو جۆرە ، جۆری یەکەم داننان بەهەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکانی وەك هەرێمێکی فیدراڵی لەچوارچێوەی وڵاتی عێراقدا ، وجۆری دوەم داننان بەو هەرێمانەی بەگوێرەی حوکمەکانی پێکدێن (د.عدنان عاجل عبید، القانون الدستوری، 2013 ، لا52) . ئەم تێڕوانینەش دەکرێت خوێندنەوەی ئەوەی بۆ بکرێت کە پێکهێنانی هەرێمی نوێ بەدەر دەبێت لەسنورەکانی هەرێمی کوردستان .

-3پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان بەڕونی و بەڕاشکاوی ڕێگریی

لەدروستکردنی هەرێم کردوە لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا. ئەوەتا لەماددەی (2) برگەی سێیەمیدا هاتوە " نابێ هەرێمێکی نوێ لەنێو سنوری هەرێمی کوردستان دابمەزرێندرێ". ئەمەش لەکاتێکدایە ئەم پرۆژەیە تاوەکو ئێستا نەکەوتۆتە بواری کارپێکردنەوە بەڵام ئاماژە بۆکردنی لێرەدا گرنگە چونکە دەرخەری دید و تێڕوانینی توێژ و لایەنی سیاسی حوکمڕانیە لەهەرێمی کوردستاندا .

-4یاسای ڕێکارە جێبەجێکاریەکانی دروستکرنی هەرێمەکان لەعێراقدا

لەڕێگەی سێیەمی گۆڕانکاریدا ڕێگەی داوە پارێزگایەك بیەوێت بچێتە سەر هەرێمێکی پێکهاتو دەبێت داواکاری سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا پێشکەش بکات بەمەرجێك ڕەزامەندی سێیەکی ئەنجومەنی یاسادانانی هەرێمەکەی لەگەڵ بێت. ئەم ڕێکارە گەر بۆ هەرێمێك ڕاست بێت کاتێك پارێزگایەکی دەچێتە سەر ئەوا ناکرێت لەکاتی جیابونەوەی پارێزگایەك لەهەرێمێکی پێکهاتوو هیچ گرنگی بەڕاو بۆچونی ئەنجومەنی یاسادانان و دامەزراوە دەستوریەکانی نەدرێت.

دوەم: ڕێگەپێدەری بیرۆکەکە: ئەم تێڕوانینە زیاتر پشت بە داڕشتنی دەقە دەستوری و یاساییە پەیوەندارەکان دەبەستێت بەو پێیەی:

-1لەدەقە دەستوریەکەدا هاتوە " هەر پارێزگایەك یان زیاتر مافی پێکهێنانی هەرێمی هەیە..."(ماددەی 119 ی دەستوری کۆماری عێراق ساڵی 2005) ، و لەدەقە یاساییەکەشدا هاتوە " هەرێم پێکدێت لەپارێزگایەك یان زیاتر "(ماددەی 1 لەیاسای ڕێکارە جێبەجێکاریەکانی پێکهێنانی هەرێمەکان ژمارە 13ی ساڵی 2008) . لەو دو دەقەشەوە دەردەکەوێت کە ناوی پارێزگا بەڕەهای هاتوە بەبێ قەتیسکردنی بە پارێزگا نارێکخراوەکان لەهەرێمدا .

-2دەقێکی دەستوری و یاسایی ڕون و ڕاشکاو و بەرکار نیە ڕێگری

بکات لەتوانایی دروستکردنی هەرێمی نوێ لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا یان لەچوارچێوەی هەر هەرێمێکی تر کەلەداهاتودا دروستبکرێت لەعێراقدا. ئەو بۆچونەی توێژەرێك ڕیسایەکی اصولی بۆ دەهێنێتەوە کە دەڵێت (المگلق یجری علی اگلاقە الا اڎا قام دلیل علی تقییدە) (سۆران حسن علی ، سەرچاوەی پێشو، لا168) کەواتە لەبەرئەوەی هیچ ڕێگرییەکی ڕون و ڕەوان نیە بۆیە پارێزگاکان بەگشتی دەتوانن بگوازنەوە بۆ هەرێم چ ڕێکخراوبن یان نارێکخراو لەهەرێمدا .

سێیەم : هەڵسەنگاندنی هەردوو تێڕوانینەکە دەربارەی بیرۆکەکە : دوای خستنەڕوی ڕاڤە جیاوازەکانی هەردو تێڕوانینی پێشو سەبارەت بەپرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە دەردەکەوێت ڕێکخستنی دەستوری و یاسایی پرۆسەی بەهەرێمکردنی پارێزگا ڕێکخراوەکان لەهەرێمێکدا گرفتی تێدایە. لەگەڵ ئەوەشدا توێژەر لایەنگیری ڕاڤە و تێڕوانینی دوەم دەکات لەبەرئەوەی ئەم ڕایە زۆرتر لەگەڵ ناوەڕۆك و ڕوحی دەستوردا دەگونجێت بەو پێیەی دانیشتوانی پارێزگاکان بەهرەمەند دەبن لەبەهاکانی دیموکراسی و لەوانەش توانایی

گۆڕانکاری لەوابەستەییان بەسەربەخۆیی خۆیی لەچوارچێوەی هەرێمێکی سەربەخۆدا یان چونە پاڵ پارێزگا و هەرێمێکی ترەوە دەبینێتەوە. وپاساوەکانی ئەم تێڕوانینە بەڕای توێژەر دەکرێت لەم خاڵانەدا بەرجەستە بن کەبەشێکیان وەڵامدانەوەی پاساو و بەڵگەکانی تێڕوانینی ڕەتکەرەوە دەبێت :

1-سەبارەت بەو پاساوەی دەڵێت سنوری هەرێمی کوردستان دیاریکراوە بۆیە ئەوە ڕێگر دەبێت لەپێکهێنانی هەرێمی نوێ تێیدا، ئەم بۆچونە ڕەتکراوەیە چونکە لەبەشێك لە دەستوری وڵاتانی فیدرالیدا سنوری هەرێمەکان دیاریکراوە وەك پێگە وسنورێکی سیاسی بۆ پیادەکردنی تایبەتمەندیە دەستوریەکانی دەسەڵاتی هەرێمەکان، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەچوارچێوەی خودی دەستورەکەدا ڕێگە بەگۆڕانکاری دراوە لەسنوری ئەو هەرێمانە بەکۆمەڵێ ڕێکاری دەستوریی. لەنمونەی ئەوانەش دەستوری هیندستان و دەستوری ئەفریقای باشور..هتد.

بۆیە دیاریکردنی سنوری هەرێمی کوردستان لەدەستوری عێراقدا بەواتای دانانی سنورێکی چەقبەستو نایەت بەڵکو بەواتای دیاریکردنی سنورێکی سیاسی ناوخۆیی دێت بۆ پیادەکردنی تایبەتمەندیە دەستوریەکانی هەرێم، لەوەشەوە دەکرێت ئەو سنورە گۆڕانکاری تێدا بکرێت . بەتایبەت خودی دەستوری عێراق ئیقرار دەکات بەو هەرێمانەی کەبەگوێرەی ئەحکامەکانی پێکدەهێنرێن (م 117/دووەم لەدەستوری کۆماری عێراق ساڵی 2005 .)

2-هەروەك جێکردنەوەی ماددەیەکی دەستوری لەپرۆژە دەستوری

هەرێمی کوردستان تایبەت بەڕێگریکردن لەدروستکردنی هەرێمی نوێ لەسنوری هەرێمی کوردستاندا ئەوا ئەو دەقە لەکاتی دانان وپەسەندکردنیدا دەکرێ بەنادەستوری پەسن بکرێت چونکە پرۆسەی بەهەرێمکردن بابەتێکە لەچوارچێوەی دەستوری فیدرالی ڕێکخراوە ولەڕێگەیەوە ڕێگەدراوە بەپارێزگاکان هەنگاو هەڵبێنن بەرەو دروستکردنی هەرێم وەك مافێکی دەستوری، بۆیە بێبەشکردنی هەر پارێزگایەك لەو مافە ئەتوانرێت بەپێشێلکردنی دەستور بناسێنرێت، و دەستوری عێراقیش بەڕونی هەڵوێستی بەرانبەر هەر دەقێکی دەستوری هەرێمەکان دەربڕیوە لەئەگەرێکدا کەدژکار بن لەگەڵ دەستورەکەدا ئەوەش لەماددەی 13هیدا کاتێك دەڵێت " یەکەم: ئەم دەستورە بەبەرزترین و باڵاترین یاسا دادەنرێت لەعێراقدا، و پابەندکەر دەبێت لەهەمو ناوچەکانیدا بەبێ ئاوارتە. دووەم: نابێت یاسایەك تەشریع بکرێت کەپێچەوانەی ئەم دەستورە بێت، وهەر دەقێك لەدەستوری هەرێمەکان، یان هەر دەقێکی یاسایی تر دژکار بێت لەگەڵی بەهەڵوەشاوە دادەنرێت ."

3-قەتیسکردنی پرۆسەی بەهەرێمبون لە پارێزگا نارێکخراوەکان

لەهەرێمێکدا وادەکەوێتەوە کەڕێگەدەدرێ بەتەنها بەیەك پلە وئاستی گۆڕانکاری ئەویش گواستنەوەی پارێزگایەکی نارێکخراوە بۆ هەرێم چ بۆ هەرێمێکی سەربەخۆ بێت یان بۆ هەرێمێکی پێکهاتوو . بێگومان ئەم تێڕوانینەش لەگەڵ مانا و ڕوحی مادده دەستوریەکەدا ناگونجێ ئەمە لەلایەك، ولەلایەکی ترەوە وادەکات هەرێمە پێکهاتوەکان لەداهاتودا لەدەرەوەی هەرێمی کوردستانیشدا سنورەکانی بپارێزێت و نەتوانرێت هیچ گۆڕانکاریەکیان تێدا بکرێت .

4-دەستوری کۆماری عێراق بۆ ساڵی 2005 هیچ ڕێگریەکی ڕونی دانەناوە

لەپێش ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەسنوری هەرێمەکان لەوێنەی ئەو دەستورانەی بەماددەیەکی دەستوری ڕێگریان لەدروستکردنی هەرێمی نوێ کردوە لەچوارچێوەی هەرێمەکاندا . نمونەی دیاریش لەوبارەوە دەستوری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە ساڵی 1789 لەماددەی چوارەم : بڕگەی سێیەمدا هاتوە " ... ناکرێت ویلایەتی نوێ لەناو سنوری ویلایەتەکانی تردا پێکبهێنرێ، وناکرێت ویلایەتێك لەڕێگەی تێکەڵکردنی دو ویلایەت یان زیاتر یان بەش وناوچەکانی ویلایەتەکان دروستبکرێت بەبێ ڕەزامەندی دەسەڵاتی یاسادانانە پەیوەندارەکان سەرباری ڕەزامەندبونی کۆنگرێس . "..

وجێگەی باسکردنە کە ئەو دو پرۆژەی لەسەروبەندی پێکهاتنی سیستەمی فیدرالی ئەمریکیدا پێشکەشکران بەناوەکانی (پرۆژەی فرجینیا یان پرۆژەی ڕادۆلف 29ی ئایاری 1787) و (پرۆژەی باترسون یان پرۆژەی نیوجێرزی 15ی حوزەیرانی 1787) ڕێگریەکی ڕونیان پێشکەش نەکردبو لەمەڕ پێکهێنانی ویلایەتی نوێ لەسنوری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا(لوكارد ، الفدراليه الامريكيه ، 1969، لا 106-110).

باسی دووەم

ڕێگریەکانی دروستکردنی هەرێمی نوێ لە هەرێمی کوردستاندا

سەرباری شرۆڤەکاریی جیاواز بۆ لەتواندابونی دەستوریی دروستکردنی هەرێمی نوێ لەهەرێمی کوردستاندا و ئاشکرا و ڕونە هەر هەوڵێك بۆ ئەو پێکهێنانە ڕوبەڕوی ڕێگری و ئاستەنگی جیاواز دەبێتەوە دەکرێت لەم چەند خاڵە ئاماژەیان پێبکرێت :

یەکەم : ڕێگری دەستوری وپاسایی :

بونی ڕاوبۆچونی جیاواز سەبارەت بەپێکهێنانی هەرێمی نوێ لەسنوری هەرێمی کوردستاندا نمایەکی ڕونە کەئەو کارە ڕووبەڕوی ئاستەنگی دەستوری و یاسایی دەبێتەوە، چونکە ئەوکات هەردو تێڕوانینەکە ڕکابەری دەکەن بۆ پشتپێبەستن و جێبەجێکردنیان. لەباری بونی دو ڕاڤەی جیاوازدا بۆ هەڵوێست و چارەسەرێکی دەستوری دیاریکراو ئەوا پێویست بە ڕاڤەکردنی دەستوری و یەکلاکەرەوە دەکات لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵی لەعێراق ئەوەش بەگوێرەی ماددەی (93/دوەم) لەدەستوری کۆماری عێراق ساڵی 2005. ئەمە سەرباری ئەو گرفتانەی تری یاسایی کەڕوبەڕوی ڕێکارەکانی دروستکردنی هەرێمێکی لەوجۆرە دەبێتەوە لەنمونەی پێویست بونی وەرگرتنی ڕەزامەندی دامەزراوەکانی هەرێم یان وەرنەگرتنی.

بەتایبەتر یاسای ڕێکارە جێبەجێکاریەکانی پێکهێنانی هەرێمەکانی ساڵی 2008 بەشێوەیەکی ڕون ئەو بابەتەی یەکلانەکردۆتەوە، ئاخۆ ئەو ڕێکارانەی پێویستە بگیرێتەبەر بۆ پارێزگا نارێکخراو و ڕێکخراوەکان لەهەرێمدا لەمەڕ پێکهێنانی هەرێمی نوێ چونیەك دەبێت؟ ئەمە لەکاتێکدایە باری یاسایی و وابەستیان جیاوازە لەگەڵیەکتر. ئەو بابەتی ڕاڤەی یاسایی جیاواز هەڵدەگرێت و پێویستی بەڕاڤەی تەشریعی یان ڕاڤەی دادوەریی دەبێت بۆ ڕەواندنەوەی ئەو نارونیە .

دوەم : ڕێگری سیاسی :

لەڕوی سیاسیەوە لەناوخۆی هەرێمدا فرەییەکی حیزبی و بیروڕای سیاسی لەهەرێمدا دروستبوە سەبارەت بەپێکهێنانی هەرێمی نوێ لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا، بەجۆرێك هیچ یەك لەپارتە سیاسیەکان لەگوتاری سیاسی خۆیاندا پرۆژەی دروستکردنی هەرێمیان جێنەکردۆتەوە لەبەرنامەی حیزبی و هەڵبژاردنیاندا دەکرێ ئەمە بگەڕێندرێتەوە بۆ دابەشبونی دەنگدەر و جەماوەری حیزبەکان بەسەر پارێزگاکانی هەرێمدا ئەوەش ڕێگریەکی بەرچاو دەبێت بۆ جێکردنەوە و بانگەشەکردن بۆ ئەو کارە. هەر بۆیە هەردوو ڕێگەی پێشکەشکردنی داواکاری بەهەرێمبون ڕوبەڕوی ئاستەنگ دەبنەوە یەکەمیان لەبەر نەگرتنەخۆی ئەو پرۆژەیە لەلایەن حیزبێکی سیاسیەوە وکارنەکردن لەسەری وەك بەرنامەیەکی سیاسی حیزب لەئەنجومەنە خۆجێیەکاندا تاوەکو لەڕێگەی داواکاری سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەن هەوڵی بەهەرێمبون بدرێت. لەوەش زیاتر هەردوو پارتی گەورە لەهەرێمدا سەرکردایەتی دو ئیدارەکەیان دەکرد لەڕابردودا، لەئێستاشدا لەڕوی سیاسیەوە خوازیاری ئەنجامدانی ئەو کارە نین لەبەر دابەشبونی ئەندام و لایەنگرانیان بەسەر پارێزگاکانی هەرێمدا ئەوەش گومانی تێدا نیە ئاستەنگ دروستدەکات لەبەردەم ئەو پرۆسەیەدا .

هەروەها ڕێگریکردن لەشار وشارۆچکەکان بۆ چونەپاڵ هەرێمێکی نوێ یەکێکیترە لەڕێگریە سیاسیەکانی پێش پرۆسەکە بەتایبەت گەر ئەو شارو شارۆچکانە هەڵگری خواستی جیابونەوەبن لەهەرێمی کوردستان و خوازیاری چونەپاڵ هەرێمە نوێیەکە.

سێیەم: ڕێگری کۆمەڵگەیی:

لەبەرئەوەی لەکۆتا هەنگاودا پرسەکە لەڕێگەی ڕاپرسیەوە یەکلادەکرێتەوە لەو پارێزگا یان پارێزگایانەی داوای بەهەرێمبونی کردوە ، بۆیە ئاڵنگاریەکی کۆمەڵگەیی بەهێز دروست دەبێت سەبارەت بەو هەنگاوە، وتارادەیەك ئەگەری بەدەستهێنانی دەنگی زۆرینەی ڕەهای دەنگدەرانی هەر پارێزگایەکی هەرێم بۆ پشتگیری جیاکردنەوەی هەرێمێك لەهەناوی هەرێمی کوردستاندا ئەستەم دەبێت، بەتایبەت یاساکە بەمەرجی گرتوە ڕیفراندەمێك سەرکەوتو دەبێت کە 50% ی دەنگدەرانی پارێزگاکە تێیدا بەشداریان کردبێ.

لەلایەکی تریشەوە ترس و دڵەڕاوکێی کۆمەڵگەی کوردی و عێراقیش سەبارەت بەدروستکردنی هەرێمی نوێ بۆ خۆی دەبێتە ئاستەنگێکی تر لەپێش ئەو هەنگاوە بەتایبەت ئەو کارە وەك هەندێك بۆی دەچن ڕەنگە ببێتەهۆی سەرهەڵدانی چەندین شێواز لەململانێی جۆربەجۆر لەهەرێمە نوێیەکەدا لەنمونەی ململانێی (نەتەوەیی و ئاینی و ئاینزایی و سیاسی و حیزبی..تد) لەهەموی مەترسیدارتر ململانێ لەسەر پۆست وسەرچاوەکانی داهات، ئەو هەندە نمونەی هەرێمی کوردستان باسدەکەن سەرباری ئەوەی هەرێمەکە یەکنەتەوە و تارادەیەك یەکئاین و ئاینزایە (زۆرینەی ڕەهای موسڵمانی سونین) کەچی کێشەکانی نێوان هەردو پارتە گەورەکە سەریکێشا بۆ هەڵگیرسانی جەنگ لەنێوان براکاندا. (د. رچا عبدالجبار الشمری ، اياد عابد الديری ، سەرچاوەی پێشو ، لا115)

کۆتایی

لەهەمو ئەو بابەتانەی لەپێشدا باسکران توێژینەوەکە گەشتە ئەم دەرەنجام و ڕاسپاردانەی لای خوارەوە:

یەکەم : دەرەنجامەکان :

1-هەرێمی کوردستان لەقەوارەیەکی دیفاکتۆ لەسایەی پارێزبەندی نێودەوڵەتیەوە گواستیەوە بۆ قەوارەیەکی دەستوریی لەچوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق چنراو بەپێی دەستوری ساڵی 2005.

2-هەرێمی کوردستان دەکرێ بناسێنرێ بەوەی " هەرێمێکی دانپێدانراوە وەك یەکەیەکی دەستوریی فیدرالی دەتوانێت دەستوری تایبەت بەخۆی هەبێت بۆ ڕێکخستنی دەسەڵات و تایبەتمەندیەکانی لەچوارچێوەی دەستوری فیدرالی عێراقدا."

3-سنوری هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای ئیدارەی وڵات بۆ قۆناغی گواستنەوە بەسنورێکی کارگێڕی وێناکراوە وپێك دێت لەسنوری کارگێڕی پارێزگاکانی(دهۆك ، هەولێر، سلێمانی، کەرکوك ، دیالە، ونەینەوا)، بەڵام لەبنەڕەتدا یاسادانەر مەبەستی کێشانی سنورێکی سیاسیە لەسەر نەخشەیەکی کارگێڕی بۆ ئەو ناوچانەی دەکەونە چوارچێوەی هەرێمی کوردستانەوە. سەرباری ئەوەش یاسادانەر ئەو سنورەی بەستۆتەوە بەشوێنکاتەوە، واتە سنورێکی کۆتایی نیە .

4-ڕێکخستنی دەستوری و یاسایی پرۆسەی بەهەرێمکردن لە عێراقی فیدراڵیدا چەندین کەموکورتی لەخۆگرتوە تایبەت بەڕۆڵی هەرێمە پێکهاتووەکان تێیدا و ئەگەری گۆڕانکاریکردن لەسنورەکانی هەرێمە پێکهاتووەکاندا.

5-ڕاڤە و تێڕوانینەکان بۆ دەستورێتی دروستکردنی هەرێمی نوێ لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا چونیەك نین ئەوەش بەهۆی شرۆڤەکردنی جیاواز بۆ بڕگە و ماددە دەستوریە پەیوەندارەکان لەلایەن توێژەران و یاساناسانەوە لەغیابی نەبونی شرۆڤەکاریەکی پابەندکار لەلایەن دادگا باڵای فیدرالیەوە .

6-دروستکردنی هەرێمی نوێ لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا بەڕای توێژەر کارێکی نادەستوری نیە بەو پێیەی لەگەڵ واتا و ڕوحی ماددە دەستوری ویاساییەکان ناکۆك نابێ و جێبەجێکردنێکی پرنسیپەکانی دیموکراسیە وەك خودی دەستور جێگیریکردون. ئەوەش لەسەر بنەمای پاساوگەلێکی دەستوری وەك لەناوەڕۆکی توێژینەوەکە خراوەتەڕو.

7-لەهەمان کاتدا ناکۆکنەبون بەمانای ئاسانی ونەبونی ڕێگری و ئاڵنگاری نایەت لەپێش هەر هەنگاوێك کەپارێزگایەك یان زیاتر لەهەرێمدا بیهاوێ بەئامانجی دروستکردنی هەرێمی نوێ بەڵکو ڕوبەڕوی چەندین ڕێگری وئاستەنگ دەبێتەوە وەك لەناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا ئاماژەیان پێکراوە .

دووەم : پێشنیاز و ڕاسپاردەکان :

1-پێشنیاز دەکەین بۆ یاسادانەری دەستوری عێراقی فیدرال . لەهەر پرۆسەیەکی هەمواری دەستورەکە چارەسەری کەموکورتیە ئاماژەپێکراوەکانی پرۆسەی بەهەرێمکردن بکاتەوە، بەجۆرێك ڕۆڵی هەرێمە پێکهاتوەکان لەو پرۆسەیەدا بەڕونی جێگیر بکات.

2-پێشنیاز دەکەین بۆ یاسادانەری فیدراڵی لەڕێگەی هەمووارکردنەوەی یاسای ڕێکارە جێبەجێکاریەکانی دروستکردنی هەرێمەکان لەعێراقدا بەشێوەیەکی ڕون و ڕاشکاو ڕێگە بۆ پارێزگا ڕێکخراوەکان لەهەرێمێکدا بکاتەوە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری وابەستەبونیان بەهەرێمەکەوە یان بەهەرێمێکی ترەوە و یان دروستکردنی هەرێمی سەربەخۆ. بەڕەچاوکردنی ڕۆڵی هەرێمەکە و دامەزراوەکانی .

3-پێشنیاز دەکەین بۆ یاسادانەری دەستوری هەرێمی کوردستان

لەکاتی دانانی دەستوری هەرێمدا ماددەیەکی دەستوری بۆ ڕێگەگرتن لەدروستکردنی هەرێمی نوێ لەلایەن پارێزگاکانەوە دانەنێت چونکە ئەوکات بەنادەستوری دادەنرێت .

لیستی سەرچاوەکان

یەکەم : کتێب :

1-امجد علی ، النقام الفدرالی کحل للنزاعات فی المجتمعات التعدديه، منشأه المعارف بالاسكندريه، مصر، 2012 .

2-جورج اندرسون ، مقدمه عن الفدراليه، ترجمه: مها تكلا، منتدی الانقمه الفدراليه ، اوتاوا ، كندا.

3-د. احمد ابراهيم الورتی ، النقام الفدرالی بين النقريه والتگبيق ، گ2، مكتبه التفسير، اربيل، 2013 .

4-د. خليل اسماعيل محمد، ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەنێوان ڕاستیی مێژویی و هەڵکەوتەی جوگرافیاییدا، چ1، هولێر، کوردستانی عێراق، 2021 .

5-د. ڕێبین محمد صوفی ، الوسائل الدستوريه لحل المنازعات الحدوديه الداخليه فی الدوله الفدراليه، گ1، هەولێر، 2017.

6-د. عدنان عاجل عبيد، القانون الدستوری النقريه العامه والنقام الدستوری فی العراق، گ2، بغداد ، 2013.

7-د.كمال مقهر احمد، كركوك وتوابعها حكم التأريخ والچمير، ج1، مگبعه رينوين

8-د.مئزر الشاوی ، فلسفه الدوله ، گ1، دار ورد للنشر والتوزيع و دار الزاكره للنشر والتوزيع، بغداد ، 2012 .

9-د.مئزر الفچل، مشكلات الدستور العراقی ، گ1، دار ئاراس للگباعه والنشر،اربيل ، 2010 .

10-ديووين لوكارد ، الفدراليه الامريكيه ، ت: لجنه من الاساتزه الجامعيين ، دار الافاق الجديده .

11-رونالد ل واتس ، الانقمه السياسيه ، ترجمه : غالی برهومه و

مها بسگامی ومها تكلا، گ خاصه، منتدی الاتحادات الفدراليه ، اوتاوا ، كندا ، 2006 .

-12سۆران على حسن، التنظيم القانونى للوحدات الفدراليه فى العراق ، گ1، مركز ژير للگباعه والتوزيع، اربيل چ1، 2017.

-13شورش حسن عمر ، حقوق الشعب الكوردى فى الدساتير العراقيه ، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجيه، سليمانيه ، 2005 .

-14گاهر محمد مايح الجنابى ، اللامركزيه الاداريه الاقليميه سلاح ژو حدين، دار السنهورى ، لبنان ، 2017.

دووەم: ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا :

-1ماجده صنعان اسماعيل، التوازن بين السلگات فى الدوله الفدراليه، رس[illegible] 2009.

سێیەم : توێژینەوەی زانستی :

-1د. اسماعيل نجم الدين زنگنه ، حدود الاقاليم فى الدوله الفدراليه: الا[illegible] الدولى الپانى لقسم القا[illegible]

-2د. رچا عبدالجبار الشمرى ، اياد عابد الديرى ، امكانيات تگبيق النظام [illegible] والعلوم التربويه ، م8 ع4[illegible]

-3د.حسن محمد شفيق العانى، اپر الوحده الوگنيه والصراعات السياسيه[illegible] ، گ1، المعهد الدولى لحقو[illegible]

-4عبدالفتاح عبدالرزاق محمود و سۆران على حسن، اللاتماپل بين الوحدات المكونه للدوله الفدراليه وتأپيره على النموژج الفدرالى العراقى،بحپ منشور بمجله جامعه دهوك ، م23 ع 1، (العلوم الانسانيه والاجتماعيه) ، 2020 .

چوارەم : پێگەی ئەلیکترۆنی :

-د.لەتیف شێخ مستەفا، راپۆرتی رۆژنامەوانی لە پێگەی ئەلیکترۆنی، https://kirkuknow.com/ar/news/63526 (2020

پێنجەم : دەستور وياساكان :

-1دەستوری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ساڵی 1787 .

-2دەستوری کۆماری عێراق ساڵی 2005

-3دەستوری هیندستان ساڵی 1949 .

-4یاسای بنەڕەتی ئەڵمانیا ساڵی 1949 .

-5یاسای ئیدارەی وڵات بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004 .

-6یاسای رێکارە جێبەجێکاریەکانی دروستکردنی هەرێمەکان لەعێراقدا ژمارە 13ی ساڵی 2008.

-7پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانی _عێراق، پەسەندکراو لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە24ی6ی2009.

پوختە

سنوری هەرێمەکان لەوڵاتانی فیدراڵیدا سنورێکی سیاسی و دەستورین بۆیە بەشێك لەدەستوری وڵاتان بەهەستیاری و گرنگیەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو سنورانە کردوە تایبەت بەتوانایی گۆڕانکاریکردن تێیدا و دوبارە کێشانەوەی هێڵە سنوریە ناوخۆییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بابەتە جێگەیەکی گرنگی دەستوری ئەو وڵاتانەی گرتوە . دەستوری کۆماری عێراق ساڵی 2005 پێش ئەویش یاسای ئیدارەی وڵات بۆ قۆناغی گواستنەوە بنەمای فیدراڵبونی دەوڵەتی عێراقیان سەلماند و بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ توانایی ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکاریە سنوریانە کردوە. ئەوەی بوبە بابەتی ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بەپێتێکی دیاریکراو ئەویش ئاخۆ لەنێو سنورەکانی هەرێمی کوردستاندا وەك تاکە هەرێمێکی پێکهاتو لەعێراقدا دەتوانرێت هەرێمی نوێ دروستبکرێت؟ ئەو پرسەی توێژەر بەپەیڕەوکردنی رێبازی شیکاری بۆ دەق و ماددەهکانی دەستور و یاسا پەیوەندارەکان [illegible] بابەتە جێ مشتومڕەی شەنوکەو کردوە . [illegible] شەنوکەوی رێگە و رێگریەکانی دروستبونی هەرێمی نوێ کراوە لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا. ولەکۆتایشدا دەرەنجام وراسپاردەکانی توێژینەوەکە خراوەتەرو.

الملخص

تعد حدود الاقاليم في الدول الفدرالية حدوداً سياسية ودستورية، لهذا تعامل البعض من الدساتير تلك بحساسية و اهمية بالغتين وخاصةً فيما يخص بإمكانية اجراء تغييرات عليها او اعادة ترسيم خطوط الحدود الداخلية تلك. الامر الذي ادى بطبيعة الحال الى ان تحتل تلك الموضوعات مكانة ملحوظة في دساتير تلك الدول. فدستور جمهورية العراق لسنة 2005 وقبله قانون ادارة الدولة للمرحلة الانتقالية لسنة2004 تبنا الاساس الفدرالي لدولة العراق ولكن تعاملا بصورة مختلفة مع امكانية اجراء تلك التغييرات الحدودية بالرغم من سماحهما كمبدأ لإجراء بعض الصور من التغييرات. الامر الذي اصبح موضوعاً لهذا البحث وخاصةً مايتعلق بنقطة محددة فيه والتي تتجلى في السؤال التالي : هل يمكن تأسيس اقليم جديد في اطار اقليم كوردستان باعتباره الاقليم الوحيد داخل الدولة العراقية، ذلك الموضوع الذي حاول الباحث من خلال تبنيه للمنهج التحليلي لتحليل النصوص الدستورية و القانونية المتعلقة بالموضوع الاجابة عنه، كما ناقش وحلل الآراء والتوجهات البحثية المتباينة حول الموضوع.و لتحقيق ذلك الهدف فقد تم توزيع البحث الى مبحثين اساسيين : خصص الاول منهما الى تحديد المركز الدستوري لاقليم كوردستان وفي ثانيهما بحث فيه السبل والمعوقات امام تأسيس اقليم جديد داخل حدود اقليم كوردستان.